سودانی:ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەردەوام دەبێت

سەرۆك وەزیرانی عێراق رایگەیاند، تا هەموارکردنەوەی یاسای بودجە بەردەوام دەبین لە ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم.

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەمڕۆ لە کۆنگرێیەکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاند، گرفتی مووچەی هەرێمیان چارەسەر کردووە و، تا یاسای بودجە هەموارەکرێتەوە، مانگانە پارە بە مووچە رەوانەی هەرێم دەکەن.

باسی لەوەشکرد، لە قۆناغی وردبینیکردنی پرۆژەیاسای هەمواری بودجەدان و پاش تەواوکردنی رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی دەکەن بەمەبەستی دەنگدان و پەسەندکردنی.

سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتیش لە هەرەمەو سەرۆك وەزیرانی عێراق ئاشکرایکرد، تائێستا لەسەر تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت رێککەوتن نەکراوە، دەبێت جارێکی دیکە گرێبەست لەگەڵ کەمپانیاکانی نەوتی هەرێم بکرێتەوە.